# خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی
## (توێژینەوەیەکی هەڵێنجراوە لەنامەی ماستەر)

سۆما کامل محمود
soma.mhamood@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی, کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی باخچەی منداڵان
خوێندکاری ماستەر

پ.ی.د.عبدالصمد احمد محمد
Abdulsamad.mohammed@univsul.edu.iq
زانکۆی سلێمانی,کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی باخچەی منداڵان
سەرپەرشتیار

بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٥/١٣ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٥/٢٥

**پوختەی توێژینەوەکە**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، بریتییە لە زانینی ئاستی خود کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان، زانینی جیاوازی ئاستی خود کارایی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر – مێ) ، ســاڵانی خزمەت، بڕوانامە، جیاوازی باخچەی (حکومی و ناحکومی) ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە ســەرجەم مامۆســتایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شــاری ســلێمانی بۆ ســاڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ کە بەردەوامن لەکارکردن و ژمارەیان (١٢٢٢) مامۆســتایە، (١٢٥) مامۆســتا لەڕەگەزی نێر و (١٠٩٧) مامۆستا لەڕەگەزی مێ، نموونەی توێژینەوەکە (٤١٢) مامۆستای لەهەردوو ڕەگەز، بە شێوەی هەڕەمەکی سادەیە هەڵبژێر دراوە، ئەو ئامرازەی بەکارهاتووە، بریتییە لە پێوەری (خودکارایی)، توێژەران بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشــوو ئامادەیان کردووە، لە ئەنجامدا دەرکەوت: خودکارایی لای مامۆســتایانی باخچەی منداڵان لە ئاســتێکی بەرزدایە، نەبوونی جیاوازی ئاماری لە ئاستی خودکارایی بەپێی گۆڕاوەی ڕەگەز.

**کلیلە وشە:**خود، خودکارایی، مامۆستای باخچە، باخچەی منداڵان.

## بەشی یەکەم
## چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 1.1 کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی چەند ساڵ کارکردنی توێژەران لەباخچەکاندا و تێبینیکردنی بارودۆخی کۆمەڵگای کوردستان بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی، بە بۆچوونی توێژەران قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی قووڵ و فراوانی هەیە لەسەر ژیانی هاوڵاتیان، بەتایبەتی توێژی مامۆستایان و چینی ناوەڕاست. ئەم قەیرانە ئابوورییە بووەتە هۆی دارمانی بارودۆخی دارایی و کەمبوونەوەی مووچەی مامۆستایان، کە وای کردووە ژیانی ڕۆژانەیان بەرەو ئاستێکی زۆر ناجێگیر و دژوار بچێت. مامۆستایان، کە وەک مرۆڤ دۆستان و بنیاتنەرانی کۆمەڵگە دادەنرێن، ئێستا خۆیان بەرەوڕووی گەورەترین کێشەکانی ژیان بوونەتەوە هەموو ئەوانەش بوونەتە هۆکاری بێزاری و لاوازی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا،کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم قەیرانە زۆر قووڵتر و ئاڵۆزترن لە تەنیا لایەنی ئابووری، هەژاری و بێکاری وای کردووە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تووشی لێکترازان و دارمان بێت ئەم دۆخە ناهەموارە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک کێشەی کۆمەڵایەتی وەک توندوتیژی، جیاوازی، و لەدەستدانی متمانە بە داهاتوو،لەم بارودۆخە قورسەدا، خودکارایی چەمکێکی گرنگ و بنەڕەتیە کە دەکرێت ببێتە هۆکاری سەرەکی وەچەرخان،خودکارایی واتە باوەڕ بە توانا تاکەکەسییەکان و ئامادەبوون بۆ گۆڕانکاری، کە دەتوانێت هیوا و ورەیەکی نوێ بداتە تاک، خودکارایی ڕەنگدانەوەی متمانەی مامۆستایە بە تواناکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئاستەنگەکانی پۆلدا، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردەدا، ئەو مامۆستایانەی هەست دەکەن توانای کاریگەرییان لەسەر فێربوونی منداڵان هەیە، مەیلیان هەیە کە ژینگەیەکی فێرکاری ئەرێنیتر دروست بکەن، ئەمەش گەشەکردنی توانا کۆمەڵایەتی

و دەروونییەکانی منداڵان بەرز دەکاتەوە، بەڵام ڕەنگە هەندێک لە مامۆستایان ڕووبەڕووی ئاستەنگ ببنەوە،کە کاریگەری نەرێنی لەسەر خودکارایی خۆیان هەبێت، لە ئەنجامدا کەمی پاڵنەر و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ منداڵاندا دروست دەبێت (ئەمین: ٨،٢٠٢٠) .

بۆ ئێمە گرنگە بزانین لەم دۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا، خود کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە چ ئاستێکدایە؟ خودی ئەم پرسیارە بریتییە لە کێشەی توێژینەوەکەی ئێمەیە.

### 2.1 گرنگی توێژینەوەکە:

خودکارایی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر شێوازەکانی وانەوتنەوە هەیە کە مامۆستا دەیگرێتەبەر، ئەمەش لە ئاستی دەستکەوتی ئەکادیمی منداڵاندا ڕەنگدەداتەوە. زۆرێک لە توێژەران ئاماژە بەوە دەکەن کە خودکارایی بەرز توانای مامۆستایان بەرز دەکاتەوە بۆ پێشکەشکردنی پاڵپشتی سۆزداری و پەروەردەیی، ئەمەش یارمەتی منداڵان دەدات بەسەر ئەو سەختییانەی کە لەوانەیە ڕووبەڕوویان ببنەوە. هەربۆیە ئەو مامۆستایانەی ئاستی خودکارایی بەرزیان هەیە، زیاتر توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ گۆڕانکاری و فشارەکانی ناو پۆلدا هەیە، ئەمەش کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ژینگەی پەروەردەیی دەبێت (الزعبی: ٢٠١٨، ٦) .

**گرنگی تیۆری:** گرنگی زانستی ئەم توێژینەوە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە تا ئێستا ئەوەندەی توێژەران ئاگادارن هیچ توێژینەوە یەکی دەقاودەق لەسەر هەمان بابەت لە کوردستان و عێراق، کە بە شێوەیەکی زانستیانە باس لەم دیاردەیە بکات، نەکراوە.هەروەها نەبوونی ئەو توێژینەوانەی، کە بایەخ دەدەن بە ڕۆڵ و گرنگی خودکارایی بە ژیانی ڕۆژانەوە.بۆیە گرنگی تیۆری ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوە کورت بکرێتەوە :-

1. گرنگی قۆناغی باخچەی منداڵان بەو پێیەی، کە قۆناغێکی فێرکاری گرنگە.
2. گرنگی چەمکی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەو پێیەی ئەرکی پەروەردەکردنی منداڵانیان لە ئەستۆیە.

**گرنگی پراکتیکی:** باشترکردنی ئەدای مامۆستای باخچە: بە ڕوونکردنەوەی گرنگی خودکارایی، توێژینەوەکە یارمەتیدەرە لە پەرەپێدانی بەرنامەی ڕاهێنان بۆ مامۆستای باخچە کە متمانە بەخۆبوون و تواناکانیان بەرز دەکاتەوە.

دەکرێت خوێندکارانی خوێندنی باڵا سوود لە هەردوو بەشی تیۆری و پراکتیکی، کۆکردنەوەی زانیاری، میتۆد و هەنگاوەکانی جێبەجێکردن، ئەنجام و ڕاسپاردەی توێژینەوەکە وەربگرن، چونکە دەبنە هەوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەی تر.

### 3.1 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. زانینی ئاستی خود کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی
2. زانینی ئاستی خود کارایی کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز،جۆری باخچە، جۆری بڕوانامە، ساڵانی خزمەت) .

### 4.1 سنوری توێژینەوەکە:

**سنوری مرۆیی:** مامۆستایانی باخچەی منداڵان.

**سنوری کاتی:** ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ ـ ٢٠٢٥) .

**سنوری شوێنی:** شاری سلێمانی، باخچە حکومی و ناحکومییەکان.

**سنوری بابەتی:** خود کارایی، مامۆستای باخچە.

**5.1 پێناسەی چەمك و زاراوەكان:**

**یەکەم: خودکارایی:**

- خودکارایی: بریتیە لە متمانەی تەواوی تاک بە تواناکانی لە کاتی بارودۆخی نوێدا، بارودۆخێک کە داواکاری زۆر و نامۆی تێدایە، یان باوەڕی تاکە بە هێزەتاکەکەسییەکانی لەگەڵ لێهاتوویی لە روونکردنەوە و رەفتاردا بەبێ هەبوونی سەرچاوە و هۆکارێکی گەشبینکەرانە (الجبوری: ٢٠١٣،٥٤) .

- خودکارایی: ڕەنگدانەوەی توانای تاکە بۆ بەڕێوەبردنی ئاستەنگ و سەختییەکان لە ژینگەی پەروەردەدا، بەو پێیەی ئەم کاریگەرییە، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردنی مامۆستایان لەگەڵ خوێندکاران و بارودۆخە جیاوازەکاندا هەیە (الزعبی: ٢٠١٨،٢٤) .

- خودکارایی: بریتییە لە باوەڕبوونی تاک بە توانای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان، هۆکارێکی دەروونی گرنگە کە کاریگەری لەسەر پاڵنەر و ڕەفتاری ئەرێنی هەیە (عەبدوڵڵا: ٢٠٢١،٨٩) .

**پێناسەی توێژەران بۆ خودکارایی:**

بریتییە لە درککردنی تاک بە توانا دەروونی و پیشەییەکانی و سودوەرگرتن لە زۆرترین توانای خۆی بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

**پێناسەی ڕێکاری خودکارایی :**

کۆی ئەو نمرانەیە کە توێژەران لە رێگەی نموونەی توێژینەوەکەیانەوە، سەبارەت بە گۆڕاوی خودکارایی بەدەستی دەهێنن.

**دووەم:مامۆستای باخچە:**

ئەو مامۆستایانەن کەکاردەکەن لەرێکخراوە پەروەردەیەکاندا بەتایبەتی لەماوەی کاری تایبەتی تۆمارکراودا لەتۆماری وەزارەتی پەروەردەدا وەفێرکردن و سەرپەرشتی کردنیان لەلایەن وەزارەتەوە (بطاینە،32،2006).

مامۆستای باخچە ئەوکەسەیە کەکۆمەڵێك کرداری پەروەردەی لەباخچەدا دەکات، بۆگەیاندنی پەیامێك دەکەوێتە ناو کۆمەڵێك ئێشی فراوانەوە. وەگرنگی سەرکەوتنی مامۆستا لەبوارەکەیدا لەوەدایە لەم قۆناغە گرنگ وقورس و ئاڵۆزە لەژیانی منداڵدا و دیاریکردنی ئامانجەکانی لەباخچەدا دەبێتە هۆی پێش کەوتنی باخچەکە (بدر،285،2007) .

**پێناسەی توێژەران بۆ مامۆستای باخچە:**

مامۆستای باخچە ئەو کەسەیە کەسەرپەشتیاری لایەنی بەڕێوبەرایەتی ناوخۆ و دەرەوە دەکات لێکۆڵینەوە لەسەر کاری زانستی و پەروەردەی و کۆمەڵێك کرداری پەروەردەی لەباخچەدا دەکات.

**پێناسەی ڕێکاری مامۆستای باخچە :**

کۆی ئەو نمرانەیە کە توێژەران لە رێگەی نموونەی توێژینەوەکەیەوە، سەبارەت بە گۆڕاوی مامۆستای باخچە بەدەستی دەهێنێت.

**بەشی دووەم**
**چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**1.2 چەمکی خودکارایی:**

زاراوەی "خودکارایی" کە لەلایەن دەروونناس و پێشەنگی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ئەلبێرت باندورا لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا داهێنراوە، بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی زیادکردنێکی بەرچاو بکات بۆ میراتی دەروونی و

ســەرچاوەیەکی بەپیت بۆ توێژەران بۆ ئەوەی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەوە چارەســەری ئەم گۆڕاوە بکەن، خودکارایی بریتییە لە متمانەی مرۆڤ بە توانای بەدیهێنانی ڕەفتارێکی دیاریکراو، بەبێ گوێدانە بوون یان نەبوونی بەهێزکەری دەرەکی (وەک پاداشت یان ستایش) . ئەمەش بەو مانایەیە کە کەسێک توانای خودکارایی بەرزی هەبێت، مەرج نییە پێویستی بە کاریگەرییە دەرەکییەکان هەبێت بۆ هاندانی یان دڵنیابوون لەوەی کە ســـەرکەوتوو دەبێت، بەڵکو باوەڕی بە خۆی و تواناکانی هەیە بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەرکەکە بە پشتبەستن بە متمانەی ناوخۆیی خۆی جێبەجێ بکات. ئەم پێناسەیە تیشک دەخاتە سەر باوەڕ بەخۆبوون بە توانای مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکان سەربەخۆ لە هۆکارە دەرەکییەکان کە ڕەنگە پاڵپشتی یان پاڵنەری بن، وەک پاداشتی دەرەکی یان هاندانی (نوفل: ٢٠١٩، ١٣) ،

### 2.2 جۆرەکانی خودکارایی:

خودکارایی چەمکێکی گشتی و هەمەلایەنە نییە، بەڵکو لە بارودۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر جیاوازە و جیاوازییەکەی پەیوەستە بە ئاستی لێهاتوویی پێویست بۆ چالاکییەکە، هەروەها بە بوونی یان نەبوونی ئەوانی دیکە ئەگەر ڕکابەر بن. خودکارایی دەتوانرێت بۆ چەند جۆرێک پۆلێن بکرێت:

شێوەی ژمارە (١) : مۆدێلی جۆرەکانی خودکارایی




1 . **خودکارایی گشتی (Generalized self -efficacy) :-** ئەم جۆرە ئاماژەیە بۆ متمانەی گشتی تاک بە توانای بەدەستهێنانی ئەنجامی ئەرێنی لە بارودۆخە جیاوازەکاندا و توانای مامەڵەکردن لەگەڵ فشارەکانی ژیاندا. واتە کەسێک کە خودکارایی گشتی هەستپێکراوی هەیە، باوەڕی بە توانای خۆی هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکان لە ژیانی ڕۆژانەیدا، جا چ لە شوێنی کاردا بێت، چ لە پەیوەندییە کەسییەکاندا، یان لە هەر چالاکیەکی دیکەدا ئاماژەیە بۆ توانای تاک بۆ ئەنجامدانی ئەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامە ئەرێنی و خوازراوەکان لە دۆخێکی دیاریکراودا بەدەست دەهێنێت.

2 . **خودکارایی تایبەت:-** بە واتای حوکم و متمانەی تاک لە ئەنجامدانی ئەنجام و ئەرکێکی دیاریکراو. ئەم کاریگەرییە پەیوەندی بە متمانە بەخۆبوونەوە هەیە بە توانای مرۆڤ بۆ ئەنجامدانی هەندێک ئەرک، یان چالاکیی بە باشی. بۆ نموونە ئەگەر تاکێک پێیوابێت کە توانای چارەسەرکردنی کێشەیەکی تایبەتی بیرکاری هەیە، یان پرۆژەیەک لە شوێنی کارەکەیدا بە سەرکەوتوویی تەواو بکات، ئەمە گوزارشت لە خودکارایی خۆی دەکات لەو ئەرکە تایبەتەدا (الشافیعي: ٢٠٠٧، ٢٧٨)

3 . **خودکارایی بەکۆمەڵ:-** ئەم جۆرە تایبەتە بە متمانەی بەکۆمەڵ بە توانای کۆمەڵێک تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی هاوبەش. لەبری ئەوەی تەنیا سەرنجی لەسەر تاک بێت، باس لە دەسەڵاتی بەکۆمەڵی گروپەکە دەکات بە گشتی. واتە گروپەکە باوەڕی بە توانای خۆی هەیە بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەکان و سەرکەوتن لە گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان، وەک تیمێک کە متمانەی بە توانای خۆی هەبێت بۆ بردنەوەی پێشبڕکێیەک، یان گەیشتن بە ئامانجێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی. هەروەها کاریگەری بەکۆمەڵ پەیوەندی بە چەمکی خودکارایی تاکەکانی ناو گروپەکەوە هەیە؛ تا تاکەکان زیاتر متمانەیان بە خۆیان هەبێت، کاریگەری بەکۆمەڵ بەهێزتر دەبێت (عبدالحمید: ١٩٩٠، ٤٤٧) .

4 . **خودکارایی نەتەوەیی:-** پەیوەســـتە بەو ڕووداوانەی کە هاووڵاتیان لە کۆمەڵگەیەکدا ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن کە کاریگەرییان هەیە یان کاریگەرییان لەسەر ئەو کەسانە هەیە کە لە چوارچێوەی ئەم کۆمەڵگەیەدا دەژین، لە ڕێگەی ئەمەوە، بیروباوەڕیان لەســـەر خۆیان وەک خاوەنی یەک نەتەوە پەرەپێدەدەن بۆ نموونە، لە کاتی قەیران، یان کێشـــەی ئابووریدا،

ئەندامانی کۆمەڵگا لەوانەیە هەست بە بەهێزبوون بکەن بۆ کاریگەریکردن لەسەر گۆڕانکاریی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی کردەوەی هاوبەشەوە. ئەم هەستە پەیوەستە بە شوناسی دەستەجەمعی و توانای کاریگەریکردن لەسەر بابەتە گشتی یان سیاسییەکان (عبدالحمید: ١٩٩٠، ٤٤٧) .

**3.2 توێژینەوەکانی پێشوو:** لەبەر ڕۆشنایی پێداچوونەوەی توێژەران بەو توێژینەوانەی پێشووتردا، کە پەیوەندییان بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەوە هەیە زۆر توێژینەوەی بەرچاو کەوت، توێژەران ئەو توێژینەوانەیان وەرگرتووە کە پەیوەندییان بە توێژینەوەکەوە هەبوو یان لە توێژینەوەکەوە نزیك بوون بەم جۆرە:

خشتەی (١) توێژینەوەکانی خودکارایی

| | |
|---|---|
| توێژینەوەی یەکەم | |
| ناوی توێژەران وساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | فرح، ٢٠٢٢ |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | خودکارایی و پەیوەندییەکەی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لە نێوان مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە پارێزگای بەغدا. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی زانینی پەیوەندی نێوان خودکارایی و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی جیاوازییەکانیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و ئەوانەی بەلایەنی کەمەوە ٣ ساڵ خزمەتیان کردووە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٧٠) مامۆستای باخچەی منداڵان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی بەغدا. |
| ئامرازەکا نی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی T-test,person,Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامە گەیشتووە کە مامۆستایانی باخچەی منداڵان حکومی بەهرەمەندن لە ئاستێکی بەرزی خودکارایی و لێبوردەیی کۆمەڵایەتی هەروەها پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە |
| توێژینەوەی دووەم | |
| ناوی توێژەران وساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | أفنان علي وفاطمة السيد، 2021 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | خودکارایی هەستپێکراو و بەهێزکردنی دەروونی و پەیوەندییان بەرازیبوونی پیشەیی لە ناو نمونەیەک لە مامۆستایانی خوێندکاری بەهرەمەند لە پارێزگای جدە |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی ئاشکراکردنی ئاستی خودکارایی و ڕازیبوونی پیشەیی و پەیوەندی نێوانیان بووە، جیاوازییەکانیان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، ساڵی ئەزموون. |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و ئەوانەی بەلایەنی کەمەوە ٣ ساڵ خزمەتیان کردووە. |

| | |
|---|---|
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (106) مامۆستای رەگەزی نێر و مێ لە سعودیە. |
| ئامرازەکانی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی T-test,person,Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئاستێکی بەرزی خودکارایی لە نمونەکەدا هەیە ئاستێکی مامناوەندی نەرمی دەروونی پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان رازیبوونی پیشەیی و خودکارایی هە یە جیاوازییەکی بەرچاو لە رازیبوونی پیشەییدا نییە بەپێی ئەزموونی ساڵان و کەرتی پەروەردە. |
| توێژینەوەی سێهەم | |
| ناوی توێژەران وساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | توێژینەوەکەی جيهان المازني وآخرون، 2019 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | خودکارایی شێوازەکانی رووبەرووبوونەوەی فشار و نەرمی دە روونی وە ک پێشبینیکەری رازیبوونی پیشە یی لە ناو مامۆستایانی پەروەردەی تایبەتدا. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی دەستنیشانکردنی ئەگەری پێشبینیکردنی خودکارایی بووە شێوازەکانی رووبەرووبوونەوەی فشار و نەرمی دەروونی لە رێگەی رازیبوونی پیشەیی |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | مامۆستایانی باخچەی ساوایان کە دەرچووی بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی و ئەوانەی بەلایەنی کەمەوە ٣ ساڵ خزمەتیان کردووە. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبولە (50) مامۆستای ژن لە میسر. |
| ئامرازەکا نی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی T-test,person,Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | خودکارایی شێوازە کانی رووبەرووبوونەوەی فشار وە نەرمی دەروونی دەتوانرێت لە رێگەی رازیبوونی پیشەییەوە پێشبینی بکرێت. |
| توێژینەوەی چوارەم | |
| ناوی توێژەران وساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | ياسمينا يونس، 2018 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | خودکارایی و پەیوەندیی بە نەرمی دەروونی لە ناو نمونەیەک لە خوێندکارانی کچ فاکەڵتی باخچەی مندالان |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی ئاشکرا کردنی پەیوەندی نێوان خودکارایی و نەرمی دەروونی بووە |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | خوێندکارانی کچ بەشی باخچەی منداڵان لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەیەکی (150) خوێندکاری کچ لە فاکەڵتی باخچەی مندلان فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی المنوفية لە میسر |

| | |
|---|---|
| ئامرازەکا نی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی T-test,person,Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ئەنجامەکان دەریانخستووە کە پەیوەندییەک لە نێوان خودکارایی و نەرمی دەروونیدا هەیە هەروەها جیاوازییەکی بەرچاو لە خودکارایی هەیە بە پێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان . |
| توێژینەوەی پێنجەم | |
| ناوی توێژەران وساڵی ئەنجامدانی توێژینەوەکە | إيمان غزای ثامر سويلم المطيری، 2017 |
| ناونیشانی توێژینەوەکە | خودکارایی، پێنج هۆکارە گەورەکە، و پەیوەندییان بە بڕیاردان لە نێوان بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لە ڕیاز. |
| گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ئامانجی زانینی تایبەتمەندی گشتی هەردوو گۆڕاوی خودکارایی و پێنج هۆکاری گەورە کەسایەتیی |
| ڕێبازی توێژینەوەکە | میتۆدی وەسفی پەیوەندی بەکارهێناوە. |
| کۆمەڵگەی توێژینەوەکە | بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان لە ڕیاز. |
| نموونەی توێژینەوەکە | نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لە (220) بەڕێوەبەری قوتابخانە حکومییەکانی ڕیاز. |
| ئامرازەکا نی توێژینەوەکە | فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. |
| کەرستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە | ئامرازی ئاماری بەکارهاتوو بریتییە لە (ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەری، تاقیکردنەوەی T-test,person,Anova |
| گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان پلەیەکی بەرزی بەرچاویان هەیە لە خودکارایی و ڕەهەندەکانی. |

سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

١-هەستکردن بە هەبوونی کێشەی توێژینەوەکەو ڕادەی گرنگیەکەی بەمەبەستی ئەنجامدانیتوێژینەوەیەکی زانستی.

٢-توێژینەوەکانی پێشوو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنن، چونکە لەبابەتەکاندا سوودی زۆریان لێوەرگیراوە بەتایبەتی لەچوارچێوەی تیۆریدا.

٣-بۆ زیاتر بابەتیبوونی توێژینەوەکەو شوێن پێ هەڵگرتنی توێژینەوەکانی پێشوو سوودیان لێبینراوە.

٤-سوودی لە زانیارییە ڕێکارەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە چۆنییەتی ڕاڤەکردنی داتاو زانیارییەکان وهاوکێشە ئامارییەکانی بینیوە.

٥-ئامادەکردنی ئامرازەکانی توێژینەوەکەو چۆنییەتی دەرهێنانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکان سودی لێوەرگرتوون.

## بەشی سێیەم

## ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

ئەم بەشە پێك دێت لە ڕوونکردنەوەی ئەو میتۆدەی لە لایەن توێژەرانەوە پەیرەوی کراوە، لە گەڵ وەسفکردنی تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە، هەروەها خستنەڕووی چۆنییەتی دروستکردنی ئامرازەکانی توێژینەوە، لەگەڵ ڕێککاریەکانی ڕاستی و جێگیری ئامرازەکانی توێژینەوە، و بەکارهێنانی ئەو ئامرازە ئاماریانەی کە لە شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون. بەم شێوەیە خوارەوە:-



SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

### 1.3 میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە توێژەران پشتی پێدەبەستن بۆ ناسینەوەی تایبەتمەندی دیاردەکە لەسەر بنەمای وەسفکردنی دیاردەکە بەوەسفکردنێکی وورد.بەواتای دیاریکردنی دیمەنەکە هەر وەک ئەوەی کەخۆی لەواقعدا هەیە (العثمان،٢٠٠٩:٣٢) بۆ هێنانەدی ئامانجی توێژینەوەکە میتۆدی وەسفی بەکارهاتووە، چونکە لەم جۆرە میتۆدە دا، لێکۆڵینەوە دەربارەی دیاردە جیاوازەکان دەکرێت، هەروەها دەرخستنی لایەنە ئاماژە بۆ کراوەکان و دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی خودی دیاردەکە و دیاردە پەیوەندیدارەکانی دیکە.

### 2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوە سەرجەم ئەو تاکانەن (مرۆڤ، دامەزراوە، بەرنامەی تەلەفزیۆنی، گۆڤار، شمەک...هتد) کەلەخەسڵەتێکی تێبینیکراودا هاوبەشن (بۆکانی،٢٠١٦:١٢٥) ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لەسەرجەم مامۆستایانی باخچە حکومی و ناحکومییەکانی شاری سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٤-٢٠٢٥ کە بەردەوامن لەکارکردن و ژمارەیان (1222) مامۆستایە، (125) مامۆستا لەڕەگەزی نێر و (1097) مامۆستا لەڕەگەزی مێ،وەک لەخشتەی (٢) خراوەتەڕوو،توێژەر ئاماری مامۆستایانی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی وەرگرتووە.

خشتەی (٢) :کۆمەڵگای توێژینەوە کەپێکهاتووە لەمامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی

| بەڕێوەبەرایەتی | ژمارەی مامۆستا | | | | | | کۆی گشتی ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | باخچەی حکومی | ڕەگەز | | باخچەی ناحکومی | ڕەگەز | | |
| | | نێر | مێ | | نێر | مێ | |
| پەروەردەی ڕۆژئاوا | ٦٢٠ | ٧٩ | ٥٤١ | ٢٨٣ | ٢٠ | ٢٦٣ | ١٢٢٢ |
| پەروەردەی ڕۆژهەلات | ٣١٩ | ٢٦ | ٢٩٣ | ٢٨٣ | ٢٠ | ٢٦٣ | ١٢٢٢ |
| کۆی گشتی | ٩٣٩ | ١٠٥ | ٨٣٤ | ٢٨٣ | ٢٠ | ٢٦٣ | ١٢٢٢ |

### 3.3 نموونەی توێژینەوەکە:

نموونەی توێژینەوە بەشێکی دیاریکراو و سنوردارە،کە هەڵگری هەمان تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەن لەڕووی چەندێتی و چۆنایەتییەوە، (Ebel)وایدەبینێت هەتا قەبارە و ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە زیاتر بێت ئەوا زیاتر دەتوانین شیکردنەوەی دیاردەکە و خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکەین و لەپێوانەی هەڵەی توێژینەوەکە دوربکەوینەوە(Ebel,1972:289) .

توێژەر بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە (٤١٢) مامۆستای لەهەردوو ڕەگەز وەك نموونەی توێژینەوەکەی وەرگرتووە و فۆرمی ڕاپرسی بەشێوەی ئەلکترۆنی و چاپکراو ئاراستەیانکرا، سەرجەم مامۆستایان ڕاپرسیەکانیان بەشێوەیەکی دروست پرکردەوە و گەڕاندییانەوە بۆ توێژەر،بڕوانە خشتەی ژمارە (٣) بۆ بینینی شێوازی دابەشبوونی نموونەی توێژینەوەکە.

خشتەی (٣) :نموونەی توێژینەوە

| ژمارەی باخچەکان | حکومی | ٢٢ | ڕێژەی سەدی | کۆی گشتی مامۆستایان |
|---|---|---|---|---|
| | ناحکومی | ١٦ | | |
| | حکومی | ٢٤٩ | %٦٠.٤ | |

sjh@univsul.edu.iq

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی مامۆستا بەپێی جۆری باخچە | ناحکومی | ١٦٣ | %٣٩.٦ | ٤١٢ مامۆستا |
| ژمارەی مامۆستا بەپێی ڕەگەزی | مێ | ٣٩١ | %٩٤.٩ | |
| | نێر | ٢١ | %٥.١ | |
| ژمارەی مامۆستا بەپێی بڕوانامە | دبلۆم | ١٦٨ | %٤٠.٨ | |
| | بەکالۆریۆس | ٢٢٨ | %٥٥.٣ | |
| | دبلۆمی باڵا | ٦ | %١.٥ | |
| | ماستەر | ١٠ | %٢.٤ | |
| ژمارەی مامۆستا بەپێی ساڵانی خزمەت | ١_١٠ ساڵ | ٢١٧ | %٥٢.٧ | |
| | ١١_٢٠ ساڵ | ٩٧ | %٢٣.٥ | |
| | ٢١_٣٠ ساڵ | ٥٦ | %١٣.٦ | |
| | ٣١ساڵ زیاتر | ٤٢ | %١٠.٢ | |

**4.3 ئامرازەکانی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی ئامراز بۆ هەر توێژینەوەیەک یەکێکە لەمەرجە زانستیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە دەبێت لەگەڵ سروشتی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت.بۆیە ئامرازەکان جۆراوجۆرن، لە توێژینەوە زانستیەکاندا بەکاردێت (جودة،٢٠٠٨:١٩) بۆگەیشتن بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واپێویست بوو توێژەران بۆپێوانەکردنی (خودکارایی) پێوەری گونجاو ئامادەبکات هەروەك لە خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

### 1.4.3پێوانەی خودکارایی:

لەبەرنەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بەزمانی کوردی توێژەران پێوەرێکیان بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوی (خودکارایی) ئامادەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش ئەم هەنگاوانەی خوارەوەیان ئەنجامدا.

### 2.4.3 داڕشتنەوەی برگەکان:

توێژەران بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوانەکەی گەڕانەوە بۆتوێژینەوەکانی پێشووتر توانیان سود لە توێژینەوەی پێشووتر وەربگرن کەبریتی بوون لەتوژینەوەکانی (عبدالکریم،٢٠٢١) و (جلوب،٢٠٢٢) و (محمد،٢٠٢٣) و (مصطفی،٢٠٢٣) بەمەبەستی سود وەرگرتن لێیان بۆ ئامادەکردنی برگەکانی پێوەرەکە.

3.4.3**ڕاستگۆی ڕواڵەت.** **(Face-Validity)** : بۆدیاریکردنی ڕاستگۆی ڕواڵەتی توێژەران پەنایان بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان، بۆ ئەو مەبەستە پێوانەکە خرایە بەردەست (٢٥) شارەزاو پسپۆڕی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی پەروەردەیی) ،داوایان لێکراوە ڕاو بۆچوونی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی برگەکان و بژاردەکان دەرببڕن و هەرگۆڕانکاریەك پێیان باشە پێشنیازی بکەن، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بەپێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو برگانە مانەوە کەڕێژەی ڕێککەوتن لەسەرمانەوەیان (٧٥%) زیاتربوو، بەم شێوەیەلە کۆی (٤٥) برگە (٧) برگە لابران کە بریتی بوون لە برگەکانی (٦، ١٥، ٢٣، ٢٥، ٣٥، ٤٤، ٤٥) . بەم جۆرەش ژمارەی برگەکان بوون بە (٣٨) برگە، هەروەها ڕێژەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە بریتی بو لە (٩٠%) .

خشتەی ژمارە (٤) : ڕێژەی سەدیی برگەکان بەپێی بۆچوونی شارەزایان بۆ پێوەری خودکارایی

| زنجیرەی برگەکان | ژمارەی برگەکان | گونجاوە | | نەگونجاوە | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارەی شارەزا | ڕێژەی سەدی | ژمارەی شارەزا | ڕێژەی سەدی | |
| 7,22,26,30,37 | 5 | 25 | %100 | 0 | %0 | بەڵگەدارە |
| 16,20,21,24,28,40, 42 | 7 | 24 | %96 | 1 | %04 | بەڵگەدارە |
| 1,10,11,13,19, 27,29,31,33 | 9 | 23 | %92 | 2 | %08 | بەڵگەدارە |
| 5,17,34,36 | 4 | 22 | %88 | 3 | %12 | بەڵگەدارە |
| 38,41 2,4,8,12,14, | 7 | 21 | %84 | 4 | %16 | بەڵگەدارە |
| 9,18,32,39,43 | 5 | 20 | %80 | 5 | %20 | بەڵگەدارە |
| 44 | 1 | 18 | %72 | 7 | %28 | بەڵگەدارنیە |
| 45 | 1 | 17 | %68 | 8 | %32 | بەڵگەدارنیە |
| 15 | 1 | 15 | %60 | 10 | %40 | بەڵگەدارنیە |
| 6 | 1 | 14 | %56 | 11 | %44 | بەڵگەدارنیە |

**4.4.3 شیکردنەوەی ئاماری بۆ برگەکانی پێوەری خودکارایی**

بەمەبەستی دڵنیا بوون لە بوونی مەرجەکانی ڕاستگۆیی وجێگیری وتوانای جیاکاری لە نێوان برگەکانی پێوەری خودکارایی توێژەران شیکاری ئامارییان بۆ سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:

5.4.3 هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری خودکارایی:

ئەم ڕێگەیە پشــت بەجیاکاری دەبەســتێت لەنێوان ئەو تاکانەی تایبەتمەندی پێوانەکراویان تێدا بەدیدەکرێت و ئەوانەی تیایاندا بەدینـاکرێـت.ئەم ڕێگەیە ئـامـاژەیەکی خێرا بەڕادەی ڕاســـتگۆیی پێوانەکە دەدات (عبـدلرحمن،١٩٩٨ل:١٩٢) ،توێژەران هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی خودکارایی دەرهێناوە بە پشت بەستن بەم هەنگاوانەی لای خوارەوە:-

أ. ریزبەندی کردنی ئەو نمرانە، کە تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێناوە لە بەرزترین نمرە بۆ نزمترین نمرە.

ب.دابەشکردنی نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە بۆ دوو گروپ،گروپێك کە زۆرترین نمرەیان بە دەستهێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان (11) مامۆستا بوو، وە گروپێك، کە کەمترین نمرەیان بە دەست هێناوە بە ڕێژەی (27%) ، کە ژمارەیان (11) مامۆستا بوو، وە دوورخستنەوەی ئەو گروپەی، کە ناوەندبوون.

ج. بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تائی بۆ دوونموونەی سەربەخۆ (Independent Sample T-Test) بە بەکارهێنانی بەرنامەی ئاماری (SPSS) بۆ هەر برگەیەك،لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم برگەکانی توانای جیاکارییان هەیە. وەك لە خشتەی (٥) خراوەتەروو.

خشتەی (٥) : هاوکۆلکەی جیاکاری بۆ برگەکانی پێوەری خودکارایی

| ژمارەی برگە | گرووپی نمرە بەرزەکان | | گرووپی نمرە نزمەکان | | نرخی تائی هەژمارکراو |
|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | |
| ١ | ٤.٠٩٠٩ | ٠.٨٣١٢ | ٢.٥٤٥٥ | ١.٤٣٩٧ | ٣.٠٨٣٣ |
| ٢ | ٤.١٨١٨ | ٠.٨٧٣٩ | ٢.٣٦٣٦ | ٠.٨٠٩٠ | ٥.٠٦٣٧ |
| ٣ | ٤.٠٠ | ١.٠٩٥٤ | ١.٨١٨٢ | ٠.٩٨١٦ | ٤.٩١٩٥ |
| ٤ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.٦٣٦٤ | ١.٢٨٦٣ | ٣.٦٠٠٠ |
| ٥ | ٣.٤٥٤٥ | ١.٢٩٣٣ | ١.٦٣٦٤ | ٠.٩٢٤٤ | ٣.٧٩٣٢ |
| ٦ | ٣.٨١٨٢ | ١.١٦٧٧ | ٢.٤٥٤٥ | ١.١٢٨٢ | ٢.٧٨٥٤ |
| ٧ | ٤.٧٢٧٣ | ٠.٤٦٧١ | ٢.٠٠ | ١.١٨٣٢ | ٧.١١٠٧ |
| ٨ | ٤.٠٠ | ١.٠٠ | ٢.٠٠ | ٠.٨٩٤ | ٤.٩٤٤١ |
| ٩ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.١٨١٨ | ٠.٨٧٣٩ | ٥.٨٩٩٤ |
| ١٠ | ٣.٨١٨٢ | ٠.٩٨١٦ | ١.٧٢٧٣ | ١.٣٤٨٤ | ٤.١٥٧٨ |
| ١١ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.٦٣٦٤ | ٠.٨٠٩٠ | ٤.٨١٠٧ |
| ١٢ | ٤.٦٣٦٤ | ٠.٦٧٤٢ | ٢.٥٤٥٥ | ٠.٨٢٠٢ | ٦.٥٣١٦ |
| ١٣ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٦٤٦٧ | ٢.٠٠ | ١.١٨٣٢ | ٥.٥٩٠٢ |
| ١٤ | ٣.٦٣٦٤ | ١.٢٠٦٠ | ٢.١٨١٨ | ١.٣٢٨٠ | ٢.٦٨٩٢ |
| ١٥ | ٤.١٨١٨ | ٠.٨٧٣٩ | ٢.٥٤٥٥ | ٠.٩٣٤٢ | ٤.٢٤٢٦ |
| ١٦ | ٤.٠٠ | ١.٠٠ | ٢.٦٣٦٤ | ٠.٩٢٤٤ | ٣.٣٢١١ |
| ١٧ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.٠٠ | ١.١٨٣٢ | ٥.٣٠٦٠ |
| ١٨ | ٤.٤٥٤٥ | ٠.٨٢٠٢ | ٢.٤٥٤٥ | ١.١٢٨٢ | ٤.٧٥٥٧ |
| ١٩ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٦٤٦٧ | ٢.٤٥٤٥ | ٠.٦٨٧٦ | ٦.٣٨٨٨ |
| ٢٠ | ٤.١٨١٨ | ١.٤٠١٣ | ١.٦٣٦٤ | ٠.٩٢٤٤ | ٥.٠٢٨٩ |
| ٢١ | ٤.١٨١٨ | ٠.٧٥٠٨ | ٣.٠٩٠٩ | ١.٢٢١٠ | ٢.٥٢٤٢ |
| ٢٢ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٩٠٤٥ | ١.٩٠٩١ | ٠.٧٠٠٦ | ٦.٨٥١٦ |
| ٢٣ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.٠٩٠٩ | ٠.٨٣١٢ | ٦.٣٢٤٦ |
| ٢٤ | ٤.٤٥٤٥ | ٠.٦٨٧٦ | ٢.٢٧٢٧ | ٠.٩٠٤٥ | ٦.٣٦٨٩ |
| ٢٥ | ٤.١٨١٨ | ٠.٧٥٠٨ | ٢.١٨١٨ | ٠.٧٥٠٨ | ٦.٢٤٧٦ |
| ٢٦ | ٤.٦٣٦٤ | ٠.٥٠٤٥ | ٢.٠٩٠٩ | ٠.٧٠٠٦ | ٩.٧٧٨٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | ٤.٧٢٧٣ | ٠.٤٦٧١ | ٢.٣٦٣٦ | ٠.٨٠٩٠ | ٨.٣٩١٥ |
| ٢٨ | ٤.٩٠٩١ | ٠.٣٠١٥ | ١.٩٠٩١ | ٠.٩٤٣٩ | ١٠.٠٤١٦ |
| ٢٩ | ٤.٢٧٢٧ | ٠.٧٨٦٢ | ٢.٢٧٢٧ | ١.٠٠٩٠ | ٥.١٨٥٤ |
| ٣٠ | ٤.٤٥٤٥ | ٠.٨٢٠٢ | ١.٩٠٩١ | ٠.٨٣١٢ | ٧.٢٢٩٦ |
| ٣١ | ٤.٠٩٠٩ | ٠.٩٤٣٩ | ١.٩٠٩١ | ٠.٩٤٣٩ | ٥.٤٢١٠ |
| ٣٢ | ٤.٥٤٥٥ | ٠.٦٨٧٦ | ٢.٣٦٣٦ | ٠.٥٠٤٥ | ٨.٤٨٥٣ |
| ٣٣ | ٤.٠٩٠٩ | ٠.٩٤٣٩ | ٢.٣٦٣٦ | ١.٠٢٦٩ | ٤.١٠٧٢ |
| ٣٤ | ٤.٦٣٦٤ | ٠.٦٧٤٢ | ٣.٤٥٤٥ | ١.٠٣٥٧ | ٣.١٧١٧ |
| ٣٥ | ٤.٣٦٣٦ | ٠.٩٢٤٤ | ١.٧٢٧٣ | ٠.٧٨٦٢ | ٧.٢٠٥١ |
| ٣٦ | ٤.٣٦٣٦ | ١.٢٠٦٠ | ٢.١٨١٨ | ٠.٨٧٣٩ | ٤.٨٥٨٧ |
| ٣٧ | ٤.٥٤٥٥ | ٠.٥٢٢٢ | ٢.١٨١٨ | ١.٠٧٨٧ | ٦.٥٤١٠ |
| ٣٨ | ٤.٩٠٩١ | ٠.٣٠١٥ | ٢.٦٣٦٤ | ١.١٢٠١ | ٦.٤٩٨٤ |

### 6.4.3 پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەرەکە:

بەمەبەســـتی دیاریکردنی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە نمرەی گشـــتی پێوەری خودکارایی، توێژەران بەبەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانســـتە کۆمەڵایەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرســـۆن (person) ی لەنێوان برگەکانی پێوەرەکە بە کۆی گشتی پێوەرەکەیان دۆزییەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت، کە سەرجەم برگەکانی پێوەرەکە بەڵگەداری ئامارییان هەبوو لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) ، وەك لە خشتەی ژمارە (٦) دیارە.

خشتەی (٦) : هاوکۆلکەی پەیوەندی نمرەی هەر برگەیەك بە کۆی گشتی نمرەکانی پێوەری خودکارایی

| ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری | ژ.برگە | بەهای پەیوەندی پێرسۆن بەکۆی گشتی پێوانەکە | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | .818$^{**}$ | 0.000 | ٢٠ | .522$^{*}$ | 0.013 |
| ٢ | .718$^{**}$ | 0.000 | ٢١ | .708$^{**}$ | 0.000 |
| ٣ | .445$^{*}$ | 0.038 | ٢٢ | .434$^{*}$ | 0.043 |
| ٤ | .456$^{*}$ | 0.033 | ٢٣ | .568$^{**}$ | 0.006 |
| ٥ | .551$^{**}$ | 0.008 | ٢٤ | .462$^{*}$ | 0.030 |
| ٦ | .648$^{**}$ | 0.001 | ٢٥ | .481$^{*}$ | 0.023 |
| ٧ | .424$^{*}$ | 0.049 | ٢٦ | .512$^{*}$ | 0.015 |
| ٨ | .446$^{*}$ | 0.038 | ٢٧ | .553$^{**}$ | 0.008 |
| ٩ | .469$^{*}$ | 0.028 | ٢٨ | .633$^{**}$ | 0.002 |
| ١٠ | .491$^{*}$ | 0.020 | ٢٩ | .457$^{*}$ | 0.032 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | .503* | 0.017 | ٣٠ | .462* | 0.030 |
| ١٢ | .523* | 0.012 | ٣١ | .449* | 0.036 |
| ١٣ | .437* | 0.042 | ٣٢ | .455* | 0.033 |
| ١٤ | .488* | 0.021 | ٣٣ | .465* | 0.030 |
| ١٥ | .462* | 0.030 | ٣٤ | .447* | 0.042 |
| ١٦ | .519* | 0.013 | ٣٥ | .488* | 0.021 |
| ١٧ | .450* | 0.035 | ٣٦ | .497* | 0.018 |
| ١٨ | .433* | 0.044 | ٣٧ | .477* | 0.025 |
| ١٩ | .555** | 0.007 | ٣٨ | .450* | 0.036 |

### 7.4.3جێگیری:

مەبەســــت لە جێگیری هەر پێوەرێك ئەوەیە، ئەگەر پێوەرێك بەســــەر کۆمەڵێك تاکدا جێبەجێ کراو چاودێری نمرەکانی هەرتاکێك بکرێت تیایدا.وە دووبارە پێوانەکەبەســــەر هەمان تاکەکانی ئەو گروپەدا لەهەمان بارودۆخدا دووبارە کرایەوە و هەمان ئەنجام دەست کەوت، ئەوا دەردەکەوێت پێوەرەکە بەتەواوی جێگیرە (الحموز،218:2004) توێژەران بۆدیاریکردنی جێگیری پێوەرەکەیان چەندرێگەیەکیان بەکارهێنا وەك:-

**یەکەم: رێگەی تاقیکردنەوە ودووبارە تاقیکردنەوە:**

لەم رێگەیەدا ئامرازی توێژینەوەکە دوو جار بەسەرهەمان نموونەدا جێبەجێ دەکرێتەوە، بەمەرجێك ماوەی نێوانیان لە (٢١) رۆژ کەمتر نەبێت، دواتر ئەو هاوکۆلکە پەیوەندییەی دەستمان دەکەوێت رادەی جێگیری پێوانەکە نیشان دەدات، جێگیری پێوانەکە بەشێوازی (Test-retest) ئاشکرا کرا، بۆجاری یەکەم لەرێکەوتی (١٥-١-٢٠٢٥) پێوەرەکە بەسەر (٤٠) مامۆستادا جێبەجێکرا، کە بەشێك بوون لەکۆمەڵگەی توێژینەوە کەپێك هاتبوون لەرەگەزی نێرو مێ، دوای تێپەڕبوونی (٢١) رۆژ لەرێکەوتی (٥-٢-٢٠٢٥) دووبارە پێوەرەکە لەسەر هەمان نموونە جێبەجێکرایەوە دواتر پەیوەندی لەنێوان ئەنجامی یەکەم ودووەم لەرێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (person) دۆزرایەوە، لەئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم ودووەم بریتیە لە (**0.964) ئەمەش پەیوەندییەکی بەهێزەو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جێگیری پێوەرەکە بەرزە، هەروەك لە خشتەی (٧) روونکراوەتەو(محمد و محمد،١٩٧:٢٠٢٣).

خشتەی (٧) : هاوکۆلکەی جێگیری بۆ پێوەری خودکارایی

| جێ بەجێکردن | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هاوکۆلکەی جێگیری |
|---|---|---|---|
| یەکەم | 122.40 | 14.40 | 0.964** |
| دووەم | 123.97 | 13.70 | |

**دووەم: رێگەی ئەلفا-کرۆنباخ**: توێژەران جێگیری پێوانەکەی بەرێگەی ئەلفا کرۆنباخ دۆزیەوە، کە یەکێکە لەرێگەکانی دیاریکردنی گونجاندنی ناوەکی،پاش جێبەجێکردنی پێوانەکە بەسەر (٤٠) مامۆستای نموونەی سەرەتایی دەرکەوت، رێژەی جێگیری پێوانەکە بریتیە لە (٠.٩٨٢) ئەمەش جێگیرییەکی بەرزە.

### 5.3 ئامرازە ئامارییەکان:

سود لە پرۆگرامی (SPSS) هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان ڤێرژنی (٢٥) وەرگیراوە بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە:

هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن بۆ ئەژمارکردنی جێگیری بەڕێگەی دووبارەجێبەجێکردن و ڕاستگۆی بونیادنان و دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان بەکارهات،ئەلفای کرۆنباغ (Cronbach's Alpha) بۆ دۆزینەوەی جیگیری پێوەرەکە،بەکارهێنانی (Independent Sample T-Test) بۆدۆزینەوەی توانای جیاکاری بڕگەکان لەنێوان نمرە بەرز ونزمەکاندا،تاقیکردنەوەی (t) تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست (Independent Sample T-Test) تاقیکردنەوەی (t) بۆیەك نموونە (One Sample T-Test) ، بەکارهێنانی هاوکێشەی ئەنۆڤا (One way ANOVA)

1. تاقیکردنەوەی(t)بۆیەك نموونە(One Sample T-Test).

$$T.test = \frac{\bar{x}+M}{\frac{A}{\sqrt{N}}}$$

2. تاقیکردنەوەی(t)تائی بۆ دوو نموونەی سەربەست(Independent Sample T-Test)

$$T.test = \frac{X_1 + X_2}{\sqrt{\frac{(n_1-1)A_1^2}{n_1+n_2-2} + \frac{(n_2-1)A_2^2}{n_1+n_2-2} * \left(\frac{1}{n_1}+\frac{1}{n_2}\right)}}$$

3. هاوکێشەی ئەنۆڤا(One way ANOVA).

$$SS = \sum (X - X^{-})^2 = \sum X^2 - \frac{(\sum X)^2}{N}$$

4. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person Correlation Coefficient)

$$r = \frac{\sum XY - \frac{(\sum x)(\sum y)}{n}}{\sqrt{\left[\sum_X 2 - \frac{(\sum X)^2}{n}\right] * \left[\sum_Y 2 - \frac{(\sum Y)^2}{n}\right]}}$$

5. ئەلفا-کرۆنباخ (Alpha Cranach's)

$$A = \left(\frac{K}{K-1}\right) * \left(1 - \frac{\sum_{i=1}^{k} S_i^2}{S_t^2}\right)$$ (Mohammed,2025:88)

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕوی ئەنجامەکان بە گوێرەی ڕیزبەندی ئامانجەکان، کە لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا دیاری کراوە،هەروەها ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان و لەکۆتاییدا دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیاز خراونەتەڕوو.

### 1.4 ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی

دوای کۆکردنەوەی داتاکان و بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS) و ئامرازی ئاماری (One Sample T-Test) بۆ بەراوردکردنی ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بەناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت، کەناوەندی ژمێرەیی بریتیەلە (124.64) بەرزترە لە ناوەندی گریمانەیی پێوانەکە، کەبریتی بوو لە (120) بەلادانی پێوەری (15.82) ،هەروەها دەرکەوت، کەبەهای( t) بریتییە لە (5.951) لەئاستی بەڵگەداری (0.05) ، هەروەك لەخشتەی (٨) ڕوونکراوەتەوە،واتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدیدەکرێت لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لەناوەندی گریمانەیی، ئەمەش ئەوە دەردەخات،کە خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی لەئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی (٨) : ئاستی خودکارایی لای نموونەی توێژینەوەکە

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | ناوەندی گریمانەیی | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| 412 | 124.64 | 15.82 | 411 | 120 | 5.951 | 1.65 | بەڵگەدارە |

ئەم ئەنجامەش هاوتەیە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی ( فرح، ٢٠٢٢،أفنان علي وفاطمة السيد، 2021، غزای و المطيری، 2017) کە خودکارایی لەئاستێکی بەرزدایە،توێژەر ئەو ئەنجامە دەگەڕێنێتەوە بۆ کولتووری خۆڕاگری کوردی کە لە ناو مامۆستایاندا پەرەی سەندووە، کە توانیویانە لەگەڵ هەموو کێشەکاندا خۆیان بگونجێنن.

**2.4 ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی خودکارایی کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی( ڕەگەز و جۆری باخچە و بڕوانامە و ساڵانی خزمەت)**

**1.2.4زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (نێر و مێ)**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-Test) لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی خودکارایی لای ڕەگەزی مێ بریتییە لە (124.58) بەلادانی پێوەری (16.05) ،بەڵام لای ڕەگەزی نێر ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (125.67) و بەلادانی پێوەری (10.91) هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (0.305) و بچوکترە لە تائی خشتەیی، لەئاستی بەڵگەداری (0.05) بەنمرەی ئازادی (410) هەروەك لەخشتەی (٩) ڕوونکراوەتەوە. کەواتە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەدی ناکرێت.

خشتەی (٩) : دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان

| ڕەگەز | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| مێ | 391 | 124.58 | 16.05 | 410 | 0.305 | 1.960 | بەڵگەداری نیە |
| نێر | 21 | 125.67 | 10.91 | | | | |

بەبڕوای توێژەران ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ یەکسانی دەرفەتی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەیی کە هەردوو ڕەگەز پێیدەگەن. هەروەها سیستەمی پەروەردەیی سلێمانی بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ مامۆستایان دەکات بەبێ گوێدانە ڕەگەزیان، کە بووەتە هۆی دروستبوونی متمانەبەخۆبوون بە ڕادەیەکی یەکسان.

**2.2.4 زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە (حکومی و ناحکومی)**

دوای شیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (Independent Sample T-Test) لەئەنجامدا دەرکەوت،کەناوەندی ژمێرەیی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی حکومی بریتییە لە (124.10) بەلادانی پێوەری (16.83) ، بەڵام لای مامۆستایانی باخچەی ناحکومی ناوەندی ژمێرەیی گەیشتە (125.47) و بەلادانی پێوەری (14.15) هەروەها بەهای (t) بریتییە لە (0.859) و بچوکترە لە تائی خشتەیی، لەئاستی بەڵگەداری (0.05) بەنمرەی ئازادی (410) هەروەك لەخشتەی (١٠) ڕوونکراوەتەوە. لێرەدا دەردەکەوێت بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە بەڵگەداری ئاماری لەئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەدی ناکرێت.

خشتەی (١٠) : دەرخستنی جیاوازی جۆری باخچە لەئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان

| جۆری باخچە | | | لادانی پێوەری | نمرەی ئازاد | بەهای تائی | |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێریی | | | هەژمارکراو | خشتەیی | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| حکومی | 249 | 124.10 | 16.83 | 410 | 0.859 | 1.960 | بەڵگەداری نیە |
| ناحکومی | 163 | 125.47 | 14.15 | | | | |

بەبڕوای توێژەران ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی چاودێری و پەروەردەیی یەکگرتوو کە بەسەر هەموو باخچەکاندا جێبەجێ دەکرێت، بەبێ گوێدانە جۆری باخچەکە. هەروەها هەلی ڕاهێنان و پەرەپێدانی پیشەیی یەکسان کە بۆ مامۆستایانی هەموو جۆرە باخچەکان بەردەستە.

**3.2.4زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت**

دوای شـیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (one way ANOVA) لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای (f) بریتییەلە (1.954) و نمرەی ئازادی لەنێوان گروپەکان (3) لە ناو گروپەکان (408) لەئاسـتی بەڵگەداری (0.05) ،هەروەك لەخشتەی (١١) ڕوونکراوەتەوە. لەبەرئەوەی بەهای (f) و بچوکترە لە تائی خشتەیی، کەواتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت لەئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵانی شاری سلێمانی بەدیناکرێت.

خشتەی (١١) :دەرخستنی جیاوازی لەئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵانی بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت

| ئاستی خودکارایی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێریی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری (Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 1456.851 | 3 | 485.617 | 1.954 | 0.120 | بەڵگەدارنیە |
| لەناو گروپەکاندا | 101400.264 | 408 | 248.530 | | | |
| کۆی گشتی | 102857.114 | 411 | | | | |

بەبڕوای توێژەران ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کاری مامۆستایانی باخچەی منداڵان و پەیوەندییان لەگەڵ منداڵان و دایکان و باوکان، پێویستی بە خودکارایی بەرز هەیە کە هەموو مامۆستایان، چ نوێ و چ بەئەزموون، ناچار دەکات ئەم توانایە پەرە پێبدەن.

**4.2.4 زانینی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە**

دوای شـیکردنەوەی داتاکان بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (one way ANOVA) لە ئەنجامدا دەرکەوت، بەهای (f) بریتییەلە (6.519) و نمرەی ئازادی لەنێوان گروپەکان (3) لە ناو گروپەکان (408) لەئاسـتی بەڵگەداری (0.05) ،هەروەك لەخشتەی (١٢) ڕوونکراوەتەوە. واتەجیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەپێی بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە لەئاستی خودکارایی کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەدیدەکرێت.

خشتەی (١٢) :دەرخستنی جیاوازی لەئاستی خودکارایی کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە

| ئاستی خودکارایی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | دوجای ناوەندی ژمێریی | بەهای (F) | ئاستی بەڵگەداری (Sig) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 4704.976 | 3 | 1568.325 | 6.519 | .000 | بەڵگەدارە |
| لەناو گروپەکاندا | 98152.138 | 408 | 240.569 | | | |
| کۆی گشتی | 102857.114 | 411 | | | | |

بۆ تەواوکردنی ئەنجامەکانی شیکاری جیاوازی یەك ئاراستە توێژەر پشتی بەستووە بەیاسای (LSD) ، دەرخستنی جیاوازی لەئاستی خودکارایی کارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان بەپێی گۆڕاوی جۆری بڕوانامە، هەروەك لەخشتەی (١٣)

خراوەتە ڕوو.لەئەنجامدا دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان مامۆستایانی باخچە بەپێی گۆڕاوی جۆری بروانامە و جیاوازییان لەئاستی خودکارایی لەنێوان بروانامەی (بەکالۆریۆس) لەگەڵ (دبلۆم) و (دبلۆمی باڵا) و (ماستەر) و جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بروانامەی (بەکالۆریۆس) بوو،هەروەها جیاوازیی هەبوو لەنێوان بروانامەی (دبلۆم) لەگەڵ (ماستەر) جیاوازییەکەش لەبەرژەوەندی بروانامەی (دبلۆم) بوو، بەڵام جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەنێوان جۆری بروانامەکانی دیکە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) .

خشتەی (١٣) :جۆری بروانامە و جیاوازیان لەئاستی خودکارایی بەپێی یاسای (LSD)

| جۆری بروانامە (I) | جۆری بروانامە (J) | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی نێوان دوو ناوەند (I-J) | هەڵەی پێوانەیی | ئاستی بەڵگەداریSig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دبلۆم | بەکالۆریۆس | 168 | 122.69 | -4.30952* | 1.57705 | .007 |
| | دبلۆمی باڵا | | | 10.35714 | 6.44413 | .109 |
| | ماستەر | | | 11.79048* | 5.04865 | .020 |
| بەکالۆریۆس | دبلۆم | 228 | 127.0 | 4.30952* | 1.57705 | .007 |
| | دبلۆمی باڵا | | | 14.66667* | 6.41482 | .023 |
| | ماستەر | | | 16.10000* | 5.01119 | .001 |
| دبلۆمی باڵا | دبلۆم | 6 | 112.33 | -10.35714 | 6.44413 | .109 |
| | بەکالۆریۆس | | | -14.66667* | 6.41482 | .023 |
| | ماستەر | | | 1.43333 | 8.00948 | .858 |
| ماستەر | دبلۆم | 10 | 110.9 | -11.79048* | 5.04865 | .020 |
| | بەکالۆریۆس | | | -16.10000* | 5.01119 | .001 |
| | دبلۆمی باڵا | | | -1.43333 | 8.00948 | .858 |

بەبڕوای توێژەران ئەو ئەنجامە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئاستی ئامادەکردنی ئەکادیمی و قووڵی زانست. دەرکەوتووە مامۆستایانی خاوەن بروانامەی بەکالۆریۆس خودکاراییان بەرزترە بەراورد بە خاوەن بڕوانامەکانی دیکە، کە ئەمەش پەیوەندی بە ماوەی خوێندنی درێژتر، ئەزموونی فێرکردنی زیاتر، و توانای وردبینی و چارەسەرکردنی کێشە بەشێوەیەکی باشتر هەیە. ئەم جیاوازییە ئاماژەیە بۆ کاریگەری ئاستی خوێندن لەسەر متمانەبەخۆبوون و خودکارایی مامۆستایان لە کارەکەیاندا.

### 3.4 دەرئەنجامەکان:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە توێژەران گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1. ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەرزە.
2. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
3. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی جۆری باخچە.
4. بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی جۆری بروانامە.
5. نەبوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی خودکارایی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لەشاری سلێمانی، بەپێی گۆڕاوی ساڵانی خزمەت.

### 4.4 ڕاسپاردەکان:

توێژەران دوای ئەوەی گەیشتنە ئەنجامەکان لەبەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانە چەند ڕاسپاردەیەک دەخەنە ڕوو:-

1. پەرەپێدانی پرۆگرامی مەشقی تایبەت بۆ خودکارایی مامۆستایان لە باخچەی مندالان لە شاری سلێمانی، لەڕێگەی خولی ڕاهێنانی بەردەوام.
2. دروستکردنی تۆڕێکی پشتگیری پیشەیی کە مامۆستایانی باخچە بتوانن ئەزموون و بیرۆکەکانیان ئاڵوگۆڕ بکەن.
3. پێشکەشکردنی سەرچاوەی زانستی لەبارەی پەیوەندی خودکارایی بە زمانی کوردی، بۆ ئەوەی مامۆستایان بتوانن زانیاری زیاتر لەو بوارە بەدەست بهێنن.
4. دانانی سیستمێکی هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ چاودێریکردنی ئاستی خودکارایی لای مامۆستایان.

### لیستی سەرچاوەکان:


إبراهيم عبد الكريم ، منى محمد ، (٢٠٢١):**كفاءة الذات وعلاقتها بالرفاهية النفسية لدى عينة من طلاب الجامعة** ، متخصص في تدريس طلاب رياض الأطفال في جامعة آسوان.

أمين، ليلى (٢٠٢٠):**التسامح الاجتماعي كقيمة تعليمية**،القاهرة،دار الثقافة.

الجبوري ، مناف فتحي عبد الرزاق (٢٠١٤) **التسامح الفكري وعلاقته بالتماسك الاجتماعي لدى طلبة الجامعة** ، مجلة لارك للفلسفة والإنسانيات والعلوم الاجتماعية ، العدد الرابع عشر ، السنه السادسة.

الحموز،احمد محمود(٢٠٠٤):**تصميم التدريس**،دار وائل،عمان.

الزعبي، ليلى (٢٠١٨): **فاعلية الذات لدى المعلمات وتأثيرها على الأداء التعليمي**،الإسكندرية، دار الكتاب.

السلام مصطفى ، سارة عبد ،(٢٠٢٣):**فاعلية الذات وعلاقتها بالاحتراق النفسي والدافعية للإنجاز لدى معلمات رياض الأطفال** ، متخصص في تدريس طلاب رياض الأطفال في جامعة المنصورة.

الشافعي ، محمد الدسوقي(٢٠٠٧):**فاعلية الذات ومركز التحكم في علاقتهما بالتحصيل في المستويات المعرفية المختلفة لدى عينة من طلاب كلية التربية** ،ورقة عمل مقدمة للمؤتمر العلمي الحادي عشر لكلية التربية بجامعة طنطا.

العثمان،باسم عبدالعزيز عمر(٢٠٠٩):**مناهج البحث الجغرافي و تطبيقاتها في الجغرافيا البشرية**،ط١،دار السياب للطباعة و النشر و التوزيع،الأردن.

المازني، جيهان رجب و قطب حنور، وعزة حسن (2019) **الكفاءة الذاتية وأساليب مواجهة الضغوط والمرونة النفسية كمنبئات بالرضا الوظيفي لدى معلمات التربية الخاصة**، مجلة كلية التربية، جامعة كفر الشيخ، كلية التربية .

بدر، سهام ،(2007): **مدخل الى رياض الاطفال**، 2007، دارالمسيرة ، عمان ، الاردن.

بطاينة، نور (2006): **مشكلات رياض الاطفال** ،دار الكتاب العالمى .

بۆكانی،سابیر بكر(2016):**میتۆدی توێژینەوەی زانستی**،خانەی چاپ و بڵاوكراوەی چوارچرا،چاپی یەكەم،سلێمانی.

ثامر ، إيمان غزاى ، (٢٠١٧) : **فاعلية الذاتية والعوامل الخمسة الكبرى وعلاقتها في اتخاذ القرار لدى مديرات المدارس بمدينة الرياض**، محاضر بجامعة الإمام محمد بن سعود الإسلامية.

جلوب ، فرح عبد ، (٢٠٢٢):**فاعلية الذات وعلاقتها بالتسامح الاجتماعي لدى معلمات رياض الاطفال** ، متخصص في تدريس طلاب رياض الأطفال في جامعة بغداد، مجلة نسق،مجلد(٢٥)عدد(١٠).

جودة،محفوظ(٢٠٠٨):**التحليل الإحصائي الاساسي باستخدامSpss**،**ط١**،دار وائل للنشر،الأاردن،عمان.

عبد الحميد ، جابر . (١٩٩٠):**نظريات الشخصية - البناء ، الديناميات، النمو، طرق البحث والتقويم القاهرة**،دار النهضة العربية.

عبد الله، حسن (٢٠٢١): **دور فاعلية الذات في تطوير التعليم**،عمان: دار الجيل الجديد.

عبدالرحمن،سعد(١٩٩٨):**القياس النفسي- النضرية و التطبيق**،ط٢،القاهرة،دار الفكر العربي.

عبدالصمد احمد, عبدالقادر, & بلال محمود (2022):**وێنەی خود و پەیوەندی بە ڕازیبوون لەپسپۆڕی خوێندن لای خوێندکارانی بەشی باخچەی منداڵان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان**. Journal of Garmian University, 9(4), 343-361.

عبدالكريم،منى محمد إبراهيم(٢٠٢١):**كفاءة الذات وعلاقتها بالرفاهية النفسية لدى عينة من طلاب الجامعة**،مجلة كلية الأداب بقنا،العدد(٥٢ - الجزء الثاني).

محمد، أفنان ، (٢٠٢١):**فاعلية الذاتية المدركة والتمكين النفسي وعلاقتهما بالرضا المهني لدى عينة من معلمي الطلبة الموهوبين بمحافظة جدة** ،باحثة ماجستير قسم علم النفس كلية الآداب والعلوم الإنسانية، جامعة الملك عبد العزيز المملكة العربية السعودية.

محمد، ياسمينامحمد ، (٢٠١٨):**الكفاءة الذاتية المدركة وعلاقتها بالمرونة النفسية لدى عينة من طالبات معلمات رياض الأطفا** ، المدرس بقسم رياض الأطفال كلية التربية، جامعة المنوفية.

محمد،بێستون شريف(٢٠٢٣):**نەرمی دەروونی و پەیوەندی بەلێهاتوویی خود و ڕازیبوونی پیشەیی لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان**،گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە،بەرگی( ٩) ژمارە (١).

مصطفى،سارة عبد السلام(٢٠٢٣):**فاعلية الذات وعلاقتها بالاحتراق النفسي الدافعية للإنجاز لدى معلمات رياض الأطفال**،مجلة الطفولة،العدد الخامس والاربعون(عدد سبتمبر)

نوفل مرام محمد شكري (2019): **التعاطف الذاتي وعلاقته بفعالية الذات لدى عينة من كبار السن في محافظة الخليل**، مذكرة ماجستير، الخليل، فلسطين .

يونس ، ياسمينا ، (٢٠١٨):**فاعلية الذاتية وعلاقتها بالمرونة النفسية لدى عينة من طالبات رياض الأطفا.**

Ebel, R, L(1972):Essentials of Educational Measurement,New Jersey,Engle Wood Cliffs Prentice-Hall.

Mohammed, A., & Mohammed Amin, N. (2023). Electronic games and their relationship to psychosocial adaptation In children aged (4 to 8) years from the parents' perspective. Journal of Garmian University, 10(1), 191-204

Mohammed, S. J. (2025). ئالودەبوون بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بەرێکخستنی خود لای خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی. Journal of University of Human Development, 11(1), 83-94.

پاشکۆی ژمارە (1):ناوی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ هەڵسەنگاندنی پێوەرەکان

| ژ | ناوی پسپۆر | نازناوی زانستی | پسپۆری | زانکۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | **د.جواد نعمت حسين** | پرۆفیسۆر | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سلێمانی |
| 2 | **د.حسن فخرالدين خالد** | | دەرونزانی پەروەردەیی | سلێمانی |
| 3 | **د.سلوى احمد امين** | | پێوانە و هەڵسەنگاندن | صلاح الدين |
| 4 | **د.سۆلاف فائق محمد** | | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سلێمانی |
| 5 | **د.نيان نامق صابر** | | فەلسەفەی پەروەردە | سلێمانی |
| 6 | **د.ئيناس احمد عزيم** | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | دەرونزانی گشتی | سلێمانی |
| 7 | **د.ئاڤان عبدالله حسن** | | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی |
| 8 | **د.ايوب خسرو نادر** | | دەرونزانی پەروەردەیی | چەرموو |
| 9 | **د.پۆلا عبدالصمد محمود** | | دەرونزانی پەروەردەیی | ڕاپەرین |
| 10 | **د.جوان نوری رسول** | | دەرونزانی کەسایەتی | کۆیە |
| 11 | **د.رزگار حمەلاو خالد** | | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سلێمانی |
| 12 | **د.ڕێژين اميد صديق** | | دەروونناسی | سلێمانی |
| 13 | **د.سێبەر رزگار رزاق** | | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | کۆیە |
| 14 | **د.شوان فرج سعيد** | | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | گەرمیان |
| 15 | **د.عادل محمد نوری** | | دەرونزانی کۆمەڵایەتی | سلێمانی |
| 16 | **د.کاروان کاکەبرا کاکەمد** | | دەرونزانی زمانەوانی | سۆران |
| 17 | **د.کريم احمد عزيز** | | پەروەردە ودەروونناسی | گەرمیان |
| 18 | **د.نازەنين عثمان محمد** | | دەرونزانی گشتی | سلێمانی |
| 19 | **د.نزيرە صالح محمد** | | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی |
| 20 | **د.زانا عوسمان محمد** | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | چەرمۆ |
| 21 | **د.سۆران حمەامين احمد** | | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | سلێمانی |
| 22 | **د.کانی سالار عثمان** | | پەروەردەی تایبەت | سلێمانی |
| 23 | **د.گێلاس عبدالله** | | دەرونزانی پەروەردەیی | سلێمانی |
| 24 | **د.نزار زرار احمد** | | دەرونزانی کۆمەڵایەتی | وەزارەتی رۆشنبیری |
| 25 | **د.هوشيار صديق سەنگاوی** | | دەرونزانی گەشە | سلێمانی |

پاشکۆی ژمارە (2):پێوەری خودکارایی

توێژەر توێژینەوەیەك ئەنجامدەدات بەناونیشانی(**خودکارایی و پەیوەندی بە لێبوردەیی کۆمەڵایەتییەوە لای مامۆستایانی باخچەی منداڵان لە شاری سلێمانی)**بۆ ئەم مەبەستە داوا لەبەرێزتان دەکەم نیشانەی( ✓)بەرامبەر ئەو بڕاردیە دابنێن کەگوزارشت لەبیرو و بۆچونی بەرێزتان دەکات،ئەم فۆرمە بۆ مەبەستی زانستی بەکاردێت و پێویست بەناو نوسین ناکات،هاوکاریکردنتان خزمەتکردنە بەزانست.

**ڕەگەز : نێر ( ) مێ ( )**

**ناوی باخچەی حکومی ( ) باخچەی ناحکومی ( )**

**بڕوانامە: (ئامادەیی) (دبلۆم) (دبلۆمی باڵا) (بەکالۆریۆس) (ماستەر)**

**ساڵی خزمەت (١ تا ١٠) (١١ تا ٢٠) (٢١ تا ٣٠) (٣٠ ساڵ زیاتر)**

sjh@univsul.edu.iq

خوێندکاری ماستەر: سۆما کامل محمود سەرپەرشتیار : پ.ی.د. عبدالصمد أحمد محمد

| ژ | بڕگەکان | هەمیشە | زۆرجار | هەندێکجار | تاڕادەیەک | هەرگیز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەرلەوەی کارێک ئەنجامبدەم، وازیلێدەهێنم و لەسەری بەردەوام نابم. | | | | | |
| ٢ | دوورکەوتنەوەم پێباشترە وەک لەبەشداریکردن لەگفتوگۆکاندا. | | | | | |
| ٣ | دووچاری ئاستەنگدەبمەوە لەمامەڵەکردنم لەگەڵ هاوپیشەکانم لەڕەگەزی بەرانبەر. | | | | | |
| ٤ | پلان دادەڕێژم و دڵنیام لەسەرکەوتنی. | | | | | |
| ٥ | لە کۆبوونەوەکاندا دووچاری شڵەژان و شەرمەزاریدەبم | | | | | |
| ٦ | دەستپێشخەردەبم لەقسەکردن لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا. | | | | | |
| ٧ | مامۆستایەکم پشت بەخۆم دەبەستم. | | | | | |
| ٨ | زۆر ئەستەمە پەیوەندی هاوڕێیەتی نوێ ببەستم | | | | | |
| ٩ | هەستدەکەم هەوڵەکانم ڕۆڵیان لەدڵخۆشکردنی ژیانی کەسانی دیکە هەیە. | | | | | |
| ١٠ | هەستدەکەم توانای دیالۆگکردنم لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەمدا نییە. | | | | | |
| ١١ | زۆر هەوڵدەدەم کاتێک پێویستیم بە شتێکدەبێت. | | | | | |
| ١٢ | توانای فێربوونی هەموو شتێکم هەیە ئەگەر لەوردەکارییەکانی بکۆڵمەوە. | | | | | |
| ١٣ | هەر کاتێک توانای ئەنجامدانی کارێکم نەبوو، ئەوا بەردەوامیی بەهەوڵەکانم دەدەم. | | | | | |
| ١٤ | هەست بە لاوازی تواناکانم لەڕووبەڕووبونەوەی زۆربەی کێشەکاندا دەکەم. | | | | | |
| ١٥ | بەدەستهێنانی پەیوەندیی هاوڕێیەتی لەڕێگەی تواناکانمەوە بووە. | | | | | |
| ١٦ | هەرکاتێک پلانی ئامانجی گرنگ دادەڕێژم، بەدەگمەن بەو ئامانجانە دەگەم. | | | | | |
| ١٧ | کاتێک ناچاردەکرێم، ناتوانم کار بکەم. | | | | | |
| ١٨ | هەستدەکەم ڕۆڵێکی کاریگەرم لە کۆمەڵگادا هەیە. | | | | | |
| ١٩ | هەستدەکەم توانای بەرگەگرتنی فشارە کۆمەڵایەتییەکانم هەیە. | | | | | |
| ٢٠ | هەست بەشەرمدەکەم کاتێک مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا دەکەم. | | | | | |
| ٢١ | هێندە بڕوام بە خۆم هەیە، کە قورسایی بارودۆخەکانم لە لا ئاسانە. | | | | | |
| ٢٢ | لەکاتی توڕەبوونمدا کۆنترۆڵی خۆم لەدەستنادەم. | | | | | |
| ٢٣ | دەتوانم بەسەر دڵەڕاوکێ و دوودڵیمدا زاڵبم. | | | | | |
| ٢٤ | جێی بایەخی کەسانی ترم بۆ ئەوەی کاریان لەگەڵدا بکەم. | | | | | |
| ٢٥ | هاوڕێکانم کێشەکانیانم بۆ باسدەکەن. | | | | | |
| ٢٦ | دەتوانم بە ئاسانی خۆشەویستی کەسانی دەوروبەرم بەدەستبهێنم. | | | | | |
| ٢٧ | بڕوام بەبیروبۆچوون و لێکدانەوەکانم هەیە | | | | | |
| ٢٨ | حەز بەکەسانی خاوەن زانیاریدەکەم لە شوێنی کارکردنمدا. | | | | | |
| ٢٩ | توانای جێبەجێکردنی پلانەکانم هەیە، کە بۆ ئەنجامدانی کارێک دایاندەڕێژم. | | | | | |
| ٣٠ | دەستبەرداری ئەرک و کارەکانم نابم بەرلەوەی بەجێیانبگەیەنم. | | | | | |
| ٣١ | زۆر بەئاسانی پاشەکشەدەکەم کاتێک دووچاری گرفتێکدەبم. | | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢ | ئارامگر دەبم کاتێک بە بارودۆخێکی سەختتدا تێدەپەڕم. | | | | | |
| ٣٣ | توانای تەرکیزبوونم لەدەستنادەم کاتێک سەرقاڵی کارێکی درێژخایەندەبم. | | | | | |
| ٣٤ | چێژ لەکۆزانیارییە گشتییەکاندا وەردەگرم. | | | | | |
| ٣٥ | هەست بەبێزاربووندەکەم کاتێک کتێب و بابەتی زانستی دەخوێنمەوە. | | | | | |
| ٣٦ | توانای بەرزڕاگرتن و ڕیزگرتنم لەچاکەی هاوپیشەکانم هەیە لەبەرانبەر کەموکوڕییەکانیاندا. | | | | | |
| ٣٧ | دەتوانم بەئاسانی خۆشەویستی کەسانی دەوروبەرم بەدەستبهێنم. | | | | | |
| ٣٨ | پێموایە هەموو کەسێک پێویستیی بە ئامۆژگاریکردن هەیە. | | | | | |


**Abstract**

The aim of this research is to ascertain the level of self-efficacy among kindergarten teachers, to determine the differences in the level of self-efficacy according to the variables of gender (male - female), years of service, educational qualification, the type of kindergarten (public and private) . The research population consisted of all kindergarten teachers in the city of Sulaimani for the academic year 2024-2025 who were actively working, numbering (1222) teachers, (125) male teachers and (1097) female teachers. The study sample comprised (412) teachers of both genders, selected using a simple random method. The instrument used was the self-efficacy scale, which the researchers prepared by drawing upon previous studies.

The results indicated that self-efficacy among kindergarten teachers is at a high level. There was no statistically significant difference in the level of self-efficacy according to the variables of gender.


**Keywords**: Self, Self-Efficacy, Kindergarten Teacher, Kindergarten.